# مەحکوم کردنی جیا خوازی یان تیئوریزەکردنی ئینشقاق

## لە وەلام بە وتاریکی هاوڕێ موئەید ئەحمەد

## ئەمجەد غەفور

لە وەلام بە بانگەوازیکی هاوری ریبوار ئەحمەد، دەربارەی کیشەکانی ناو یەکیتیو شوراو نەقابە کریکاریەکان، هاوڕێ موئەید ئەحمەد ووتاریکی بلاوکردۆتەوە کەتییدا رەخنەی خۆی لە بەرامبەر ئەو بانگەوازەدا راگەیاندووە، و هەر لەویشدا، دەربارەی هەندی مەسائلی بزوتنەوەی کریکاریو کیشەکانی ناو یەکیتیو شوراو نەقابە کریکاریەکان راو بۆچوونی خۆی خستۆتەروو، کە پیوستیان بە وەلامو رۆشنکردنەوەو باسی جدی هەیە. لیرەدا بە پیوستی دەزانم لەو بارەوە بۆچونی هاوری موئەید لەسەر ئەو مەسەلانە بخەمە بەر باسو لیکۆلینەوەوە.

ئەگەر خوینەر بەگشتی سەرنجی بەشی زۆربەی ووتارەکەی هاوڕێ موئەید بدات، ئەوە دەخوینێتەوە لە بۆچونو پەیگیری موئەیەدا هۆو ئاکامی کیشەکانی ناو یەکیتیو شورا کریکاریەکان بە دەورونەخشی پیلانگیریو جیاخوازیو کودەتایی کەسانیک لە رابەری ئەو ریکخراوە دا گریٚ ئەداتەوە، هەر بۆیە ئەو کەسانە دەخاتە ناو قەفەسی تاوانەوە و داوا لە حزبو خوینەر دەکات کەهەلویست بەدژی ئەو کەسانە وەربگرن و هاوکاتیش پاداشتو جائیزەی سەرکەوتنو پیشرەوەی بدریت بە لایەنی بەرامبەر، لەم تیروانینەشەوەیە لایەنگری لە بانگەوازەکەی هاوڕێ ریبوار ناکات. واتە پیش هەموو شتیك تاوانبارانی کودەتایی دیاری دەکاتو مەحکومیان دەکات، دوای ئەوە دیتە سەر باسی دەخالەتو کارکردی چەپی تەقلیدی رادیکال لە ناو ریکخراوە کریکاریەکاندا، کە ناتوانی لە باسەکەیدا ئەو دوانە بەیەکەوە ببەستیت. بەراستی ئەوە زۆر جیگای سەرنجە کە هاوری مویەد لە بری نیشاندانی بەلگەو لیکدانەوەی سیاسیو فکری بۆ رووداویکی لەم جۆرە، پیلانگیریو کودەتاچیتی کۆمەلیك کەس بە هۆکاری ئەم مەسەلەیە لە قەلەم دەداتو دەیکاتە بنەمای کیشەکان، بە بروای من بۆچونیکی لەم چەشنە نا تەبایە بە میتۆدی مارکسیستیو لە گەل واقعی کیشەکەشدا نایەتەوە.

ئەم هەلویستە یەك لایەنەی هاوری موئەید بە جیا لەوەی بە شیوەیەکی تەماوییو نارۆشنو بیٚ بەلگە نوسراوەو چەند پرسیاریك لای خۆینەر دروست دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو باسانەی دەربارەی کۆمۆنیزمی کریکاریو پەیوەندی چەپی رادیکال بە بزوتنەوەی کریکاری لەو نوسراوەدا کراوە، وەها نا پەیوستو گشتیو نارۆشنو غەیرە عەملی داریژراوە، کە تەنیا وەك رتوشو داپۆشینی باسیکە کە بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کە سەرۆکی ئیستای یەکیتیو شورا کریکاریەکان موقەدەسەو دەبیٚت تا سەر پاریزراوبیٚت، نەك پیشرەویو سەرکەوتنی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان لە ناو بزوتنەوەی کریکاریدا، بەواتایەکیتر هاوریٚ موئەیدا ئەوەمان پیٚ رادەگەیەنێت "ئەگەر کەسیٚ ئەم واقعی پیلانگیریە لە بەرامبەر هاوریٚ فەلاح نەبنییو مەحکومی نەکات ئەوە ناتوانیٚ هەلویستی دروست وەربگریٚتو خزمەت بە بزوتنەوەی کریکاری بکات"...!؟

## با لە پرسیارەکانەوە دەست پیٚ بکەین:

ئەو کەسانەی لە ناو رابەری یەکیتی شوراو نەقابەکریکاریەکاندا تەشهیر دەکەنو کودەتایان کردووە چەند کەسن؟، تەشهیرەکانیان چیە بۆ جیابونەتەوە؟، چەند کارکردی بووە لەسەر ریکخراوەکە لە ئاستی سیاسیو کۆمەلایەتیدا؟ بۆ ئەو تەشهیرە دەکەن؟ ئایا وەلامو هەلویستی کارکردی لایەنی تەشهیر پیکراو لە بەرامبەر ئەواندا چی بووە؟، جگە لەوانە مەوقعیەتو دەوری سیاسی رابەرانی ئەو ریکخراوە بە بەهەردوولایانەوە لە ناو

بزوتنەوەی کریکاری لە عیراقدا لەباری ریکخراوەیی و رابەریەوە لە چ ئاستیکدایە؟.. دیارە ووتاری وا نارۆشن چەندین پرسیاری تریش لای خۆینەران دروست دەکات، بە تایبەتی دەربارەی مانای عەملی کردنەوەی خۆپاراستن لە دەوری چەپی تەقلیدی رادیکال لە ناو بزووتنەوەی کریکاری لەوەزعی سیاسی ئیستای عیراقدا.! ئاشکرایە وەلامی ئەو پرسیارانەش لە ووتارەکەی هاورێ موئەیدا پەیدای نابێت.

## نەزەری من لەسەر ئەسلی کیشەکە

باشترە بەر لە هەرشتیك نەزەری خۆم دەربارەی کیشەکانی ناو یەکیتی و شورا کریکاریەکان رون کەمەوە.
واقیعیەت ئەوەیە  کە لەنیو کیشمەکیشە سیاسیەکان و روداو کارەساتەکانی ناو وەزعی سیاسی  ئەم دەورانەی عیراقدا،  چینی کریکارو بزوتنەوەی کریکاری،  دەکری بلیین وەك هیزیکی سیاسی، غایبەو بێ دەخالەت و بێ دەور و بێ کاریگەر  ماوەتەوە. بەم هۆیەشەوە ئاکامەکانی داگیرکاری و شەرو سیناریۆی تاریك و ئاشوبی تایەفەکەری و قەومی و هەموو ئەو بارە ناهەمووارەی بەسەر کۆمەلگادا داسەپیندراوە، بەداخەوە تائیستاش بەپلەی یەکەم باجەکەی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش دەیدەنەوە،  ئەو بێ دەوروغیابەی خەباتی کریکاری تا ئیستاش هەر بەردەوامە.
ئیمە هەولمان بۆئەوە بوو کەحزبی کریکاری و ریکخراوی کریکاری بهینینە مەیدان و بزووتنەوەی کریکاری رابەری بکەین و بەروە پیشی بەرین وبتوانین  ئەو بۆشاییە پر بکەینەوە، تا لە نیو کیشمەکیشی سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئەمرۆی عیراقدا دەوری چارەنوس سازمان هەبێت و هاوکیشەی سیاسی بە قازانجی دەسەلاتی کریکاران بگۆرین. بەلام واقعیەت ئەوەیە بە هەموو ئەو دەسکەوتانەوە کە هاوری موید باسی دەکات، هیشتا ئەم مەسەلەیە دەبی وەلام بدریتەوەو ئەو بۆشاییە تائیستاش نەتوانراوە پربکریتەوە. چاو نوقاندن لە ئاستی ئەم واقعیەتەدا چاو نوقاندنە لە میتۆدی مارکسیسم و حکمەتیزم. وە هیچ وەلامیك بەو پرسیارە ناداتەوە کە لەبەردەم بزووتنەوەی ئیمەدا قەراری گرتووە.
راستە یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان پرۆژەیکی جدی حزب بوو بۆ هەلسورانی سیاسی و رابەری ریکخستی خەباتی کریکاری لە عیراقدا، بەلام ئایا ئەو ریکخراوە بە هەر ماندوبونیکی هەلسوراوانییەوەو بە هەر کیشەیەکی دەرونی خۆیەوە توانی لەو بارەوە هەنگاو بنێت، ئەگەر وەلامەکەی <u>بەلێ بیت</u> دیارە ئیستا نە خاوەنی ئەم جۆرە کیشانەی  ئیستا دەبوین و نە هاوری موئەیدیش ووتاری وەهای دەنوسی و نە پیویستیمان بە تیئوری پیلانگیری و کۆدەتاگەری دەبوو، نە لە واقعدا کەسیش دەیتوانی بە پیلانگیران و کۆدەتا ئەو واقعیەتە بخۆلقینی کە ئیستا هەیە.
بە نەزەری من تەواوی رابەرانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان نەیان توانی رابەرانی لیهاتوی سیاسی و دەستپیشکەری خەباتی کریکاری بن لە عیراقدا، تا ئیستا نەیان توانیەوە لە مەوقعیەتی ریکخستن و رابەری کردنی خەباتی کریکاریەوە وەلام بە دەورو دەخالەتی خەباتی کریکاری بدەنەوە لە بەرامبەر داگیرکاری عیراق و ئەوزاعی ناهەموارو ناجگیری سیاسی و هیرش بۆ سەر ژیانی کریکاران و نەبونی ئەمنیەت و شەری تائفی و قەومیدا، هیچ کام لە رابەرانی ئەو ریکخراوە لیهاتووی سیاسی خۆی لەو مەیدانەدا تاقی نەکردەوەو پیشرەویان نەنواندووە، خاوەنی نفوزو لایەنگری بەرینی کریکارانی عیراق نین و بەداخەوە ئەو مەوقعیەتەیان بەدەست نەهیناوە، چونکە ئەو مەکانەیە دەبێت لە باری واقعیەوە بسەلمینرێت نەك بە قسەو سویند خواردن و دانیشتن لەگەل کریکاراندا. یان بە هینانەوەی بەلگە سەبارەت بە رادیکالیەت. چونکە رادیکالیەت ئەگەر مانایەکی کۆمەلایەتی و کاریگەریەکی کۆمەلایەتی نەبیت، ئەوا لە میتۆدی مارکسیسزم و حکمەتیزمدا هیچ جیگایەکی نیە.

به جیا لەوەش ئەو دابەشبوونەی کە جیگای ئاماژەی هاوری موئەیەدە، لەنەزرە منەوە هیچ لایەکیان خاوەنی نەخشەیەکی سیاسی عەملیو دەخالەت گەرو کاریگەر نەبون، وە لە نیو جەنجالی وەزعی سیاسیدا تا ئیستاش ریگەی خۆیان بۆ بردنە پیشی خەباتی کریکاری نادۆزنەوە.
یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان، ماوەیەك "دروشمی کریکار دژی داگیرکەر" ، "قوتابیان دژی داگیرکەر"ی.. بەرز کردەوەو دواتریش خۆیان نەکردە خاوەنیو کەس نەیزانی چی بەسەرهات. ئەمەش نیشان ئەدات کە ئەم ریکخراوەیە هیچ کات خاوەنی خەتیکی سیاسیو دروشمیکی عەملی رۆشن نەبووە کە رەمزی رابەریو ریکخستنی فراوانی خەباتی کریکاران بیت، تەنها لە ناو هەندێ مەسائلی عەقیدەییو ئایدۆلۆژیو دلسۆزی بۆ کۆمۆنیزمی کریکاری بە شیوازیکی نارۆشن کە لە ووتارەکەی هاوریێ موئەیدیشدا عەکس بۆتەوە. بەجیا لەم ئاستە ئینسان ناتوانی دەستپیشکەریەکی تر بەدی بکات.
بە بۆچونی من ئەمە ئەسلی واقعیەتی کیشەکانی ناو یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکانەو دەبیت لیرەشەوە وەلام وەرگریتەوە. وە هەر لەم گۆشەیەوە قسەو باسەکانمان بکەین نەك لە کیشەکانی نەگونجانو قسەوباسی نامەعلومو تۆمەتی نەسەلمینراو، یا بەکار هینانی ووشەی تەشهیرو کودەتاگەریو پیلانگیری لە نیوان رابەرانی یەکتی شوراو نەقابە کریکاریەکاندا، بۆیە هەلویستی دروست ئەوەیە کە حیزب نەخریتە ناو ئەو کیشانەوەو پیێ داگریین لەسەر یەکگرتنەوەیان. وەتەنانەت پیویستە حزب بەجدی پشتگیری لە بانگەوازەکەی ریبوار ئەحمەد بکات. ئەمەش تیرامانی زۆری ناویت ئاوردانەوەیەك لە تەجروبەی یەکیتی بیکارانی کوردستانو پاشان بە خۆدا چونەوەی حیزب سەبارەت بە دوو شەق بوونی ئەو ریکخراوەیە و داخستنی فایلی هەموو کیشەو خەتاو هەلەکانو پیداگری لەسەر یەکیتیو یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەو ریکخراوە بە دەخالەتی راستەوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیرانو شەخصی منصور حکمت، ئاشکراترین بەلگەو تەجروبەی عەمەلیە لەم بارەیەوە.
هەرچەندە رابەرانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان بە هەلسوراوانی کریکاری دەناسمو کەسانی دلسۆزنو منیش هاوریێیانم، بەلام سەختە بتوانن بەم کیشانەوە و شیوەی مامەلەیان بەم گرفتانەوە، رابەریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی کریکاری لە عیراقدا بسەلمینن. تەنها ریگاش بۆ پاراستنی ریکخراوەکەیان یەکگرتنەوەی بێ قەیدو شەرتە، غەیری ئەوە ئیتر ئەو ریکخراوە زیاتر لیك هەلدەوەشێو ووتارەکەی هاوری موئەیدیش لایەنگری لە هەلوەشانی ئەو ریکخراوە دەکات.

## رۆشنکردنەوەی چەند مەسەلەیەك

ئیستاش بە پیوستی دەزانم سەبارەت بە پرسیاەکانی سەرەوە کە شیوەی ووتارەکەی هاوری موئەید دەیخاتە روو چەند مەسەلەیك رۆشن کەمەوە:
کۆنگرەی دووەمی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان 15ئەندامیان هەلبژارد بۆ مەکتەبی تەنفیزی ریکخراوەکەیان کە 11 ئەسلیو 4 ئحتیات، مەکتەبی تەنفیزی لە یەکەم کۆبونەوەی خۆیدا بە پشتیوانی حزب هاوری فەلاح عەلوانی هەلبژارد بەسەرۆکی ئەو ریکخراوەیە. ئەوەی جیگەی سەرنجی جدیەو کە هاوری موئەیدیش باسی ناکات لەم پانزە ئەندامە تەنها هاوریێ فەلاحو دوو ئەندام ماونەتەوە، واتە زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی هەلبژیردراوی کۆنگرەی دووەمی ئەو ریکخراوە وازیان هیناوە زۆربەشیان هۆی وازهینانیان بەدەر لەوەی دروست یان نادروست بوەو بەدەر لەوەی کێ هەلەیەو کی لەسەر حەق بووە، مەسەلەکەیان ریك نەکەوتنو نەگونجان بووە لە گەل سەرۆکی ریکخراوەکەدا. ئایا بە وازهینانی زۆربەی مەکتەبی تەنفیزی سەرۆکیك کە ئەوان دەنگیان پییداوە، تا چەند شەرعیەتی بۆ دەمینێتەوە؟ ئایا بەراستی حالەتیکی ئاوا هیچ

مایەی پرسیارو تیرامان نیە بۆ هاوری موید؟ تەنانەت ئەوە نابیتە پرسیار بۆ هاوری موید کە مەسەلە چیەو بۆچی هەلبژیردراوانی کۆنگرە هەموو پیلانگیرو کودەتاچی دەرچوون!؟. ئایا دروستتر ئەوە ئەوەنییە کە ئەم مەسەلەیە بێتە جیگای سەرنج و تەنەتات لە بەرامبەر واقعیەتیکی ئاوا گەورەدا باشتر نییە سەرۆك بیریك لە حالی خۆیو ریکخراوەکەی بکاتەوە؟. ئایا لە حالەتیکی ئاوادا هیچ هەقانیەتیك هەیە لەو روانگەیەدا کە گۆایە "مادام سەرۆك خەریکە رەخنەی چەپی تەقلیدیو رادیکال دەگریٚ"، ئیتر دەبێت ئەو سەرۆکایەتیەی بۆ بە موقەدەس تر لەریکخراوەکەو بزووتنەوەکە بەرەسمی و دەست لینەدرا و بناسرێت!!.

ئەوەی جیگای سەرنجە دوای ئەوەی زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی دەستیان کیشایەوەو لەو ریکخراوەدا نەمان، سەرۆکی ریکخراوەکە بە فەرمانی خۆی کەسانیکی تری بە ئختیاری خۆی لە دەوروبەری یەکیتیو شورا کریکاریەکان دیاریکردو ئەوانی خستە جیگای هەلبژیردروانی کۆنگرە، بەلام ئەوانیش دوای ماوەیەك بە هەمان شیوە رۆیشتن. بەداخەوە ئەم حالەتە چەند جاریك دوپات بۆتەوە. ئاخۆ بەلای هاوری موئەیەدەوە ئەوانش هەر کودەتاینو تەشهیر دەکەن؟ ئایا دەکری بەم تیوەرییە هەموو ئەو رووداوانە بەم جۆرە لیکبدریتەوە؟.

بە رۆشنی لە کیشەکانی ناو ئەو ریکخراوەدا ئەوە بەرجەستەیە کە لایەنیك بە بەبێ ئەوەی بەرنامەو نەخشەیەکی رۆشنی هەبێت یا دەوری لە رابەری کردنی خەباتی کریکاریو بزووتنەوەی کریکاریدا هەبێت هەول ئەدات سەرۆکی ریکخراوەکە لابەرێت، بە هەمان شیوە لایەنەکەی تریش بە بێ ئەوەی نەخشەیەکی رۆشنی لە بردنە پیشی بزووتنەوەی کریکاریو رابەری کردنی خەباتی کریکاریکارانی عیراقی هەبێت مل کەچی فشاری زۆبەری رابەرانی ریکخراوەکەی نابێتو بە حوکمی مەوقعیەتی لە ریکخراوەکەدا فەرامۆشیان دەکات، بۆیە کیشەکانیان ئالۆزو بێ چارە رادەگرنو دەکەونە رەخنەی ئەخلاقی لەبەرامبەر یەکتردا. ووتارەکەی موئەیدەیش زادەی ئەو واقعیەتەیە بە لایەنگری موتلەق لەلایەك، چونکە بە هاوخەتی سیاسی خۆی تەعریفی دەکات. بەلام ئەو "خەتە سیاسییە" چیە، مەعلوم نییەو ئەوەی ئەو باسی دەکات، لە هەودا وەستاوەو بە هیچ شتیك نایەتە سەر زەوی. بۆیە ئەو جۆرە کارانە ناتوانێ لە چوارچیوەی کاری مەحفەلیو سکتاریستی ناو "چەپی رادیکال" بەولاوە شتیکی تری لێ بەرهەم بێت، ئاکامەکەشی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان دەبیتە قوربانی.

باسیکی تر ئەوەیە ئەو تەشهیرانەی هاوری موئەید ئاماژەی پیدەدات ودەلێت " تەشهیری شەخسی دەکەن"، نامەعلومە کەچیە!!. تەنانەت تا ئەو رادەیە باسی تەشهیر دەکات کە دەلێت "تەشهیری نا ئینسانی بە فەلاح دەکەن". بەلام دیسانەوە هیچ نمونەیەك لەو تەشهیرانە باس ناکاتو نای سەلمێنێ. بەتایبەتی کەهەر لەسەرەتای نوسینەکەیەوە تا کۆتایی چەندین جار ووشەی تەشهیرو کودەتاو جیاخوازی بەکار دەهینێت.

من دژی هەر جۆرە تەشهیریکم، بەلام بەدەر لەمە پرسیاریکی زۆر سادە مەترەح کراوە، ئەوکەسانەی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزینو ئیستا لەگەل هاوری فلاح کەوتونەتە کیشەوە، دەلین فەلاح هەر بۆ خۆی هەموو شتیك دەکاتو نەکەس ئاگادار ئەکاتو نە ئتعبار بۆ کەس دائەنێت، واتە رەخنەی ئەوە دەگرن کە فەردیەت لە بەریوەبەردنی ئیشو کارەکانی ریکخراوەکەدا دەکات، هەروەها دەلین مالیەی ریکخراوەکە شەفاف نیەو نارۆشنە. ئەمجۆرە قسانە دروست بن یا دروست نەبن ئایا بە تەشهیر حساب دەکریت؟ ئایا هاوری موید کە خۆی لایەنگری سوننەتی شوراییە، تەرح کردنی ئەم پرسیارانەو تەنانەت رەخنەگرتن لەم شیوەکارە بە قەدەغەو تەشهیر لەقەلەم دەدات؟ بەلام هاوری فەلاح نەك تەشهیر بەکەسانیك دەکات بەلکو بەبێ بەلگەو سەلماندن کەسانیك بە دزو تاوانبار لە قەلەم ئەدات، بە جیا لەوەش ئەم جۆرە بەرخوردەی فەلاحو موئەید بەوەی کەسانیك پیلانگیرو جیاخوازنو هۆی پەرشو بلاوی ریکخراوەکەن، ئەمانە هەمیشە قسەی ناسیاسی کەسانیك بون کە بەرگری لە دەسەلاتی فەردی خۆیان دەکەن، بۆ پارستنی دەسەلاتی خۆیان رەقیبەکانیان هەرچیەك بن

تاوانباریان دەكەن بە كودەتاچیو ئاژاوەگێرو جیاخوازی، بۆئەوەی "عەقیدەی پیرۆزی كۆمۆنستی خۆیان پاك راگرنو بیپارێزن". بەراستی من تەصورم نەدەكرد رۆژێك بێت كەسانێك لە ئیمە پەنا بۆ دەستەواژەی "ئاژاوەگێرىو پیلانگێری" بەرێ.

## بانگەوازی ریبوار ئەحمەد

پێشنیارو بانگەوازی ریبوار ئەوەیە كە رابەرانی یەكیتیو شوراو نەقابە كریكاریەكان با لە هەموو ئەو رابردووە بگەرێن، با ئەو كیشانە بخەنە لاوە كە بە هیچ حەلقەیەك پەیوەست نین بە كیشەی ملیون كریكارەوە كە لە عیراقدا گیرۆدە كراون. با لە پیناو ئەو بەرژەوەندیە چینایەتیەی كریكاراندا كە یەكیتی شوراو نەقابە كریكاریەكانی بۆ دامەزراوە، ریزی ریكخراوەكەیان یەكگرتوو بكەنەوە. بەلام بەداخەوە لە بەرامبەر ئەم بانگەوازە سادەو ئوصولیو چینایەتیەدا، بۆچونیكی تر تازە باسی "یەككگرتنی كریكاران" دەباتە ژیر پرسیارەوەو رەخنەی لی دەگری.

بۆچونیكی تر كە بۆی گرنگ نیە ریكخراوەكە پارچە پارچە دەبیت، پیمان دەلین دەبێت كودەتاچیو پیلانگیر مەحوكم بكەینو ریگا نەدەی كەس قدوسیەتی سەرۆك بەریتە ژیر پرسیارەوەو كفریكی گەورەیە گەر باسی گۆرینی سەرۆك بكرێت. مەسەلەكەشیان ئەوەیە چونكە هەرچونیكی لیك ئەدەنەوە لەم كیشمەكیشەدا لەوانەیە لە ئەنجامی ئەخیردا سەرۆكی ئەو ریكخراوە بگۆردرێت چونكە زۆربەی زۆری ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی هەلبژیردراوی كۆنگرەی دووەم بوچونیان وایە. قەبولكردنی ئەمەش نەك هەر زۆر سەختە بۆ كەسانێك كە سەرۆكایەتی بۆیان بوبیت بە بنەما، بەلكو ئەمە بە خەتاو كفریكی گەورەی ئەو كەسانە دەزانن‌و پیان دەلین پیلانگیرو كودەتاچی. بەلام بۆ روانگەیەكی تر كە ئەم تەعەسوبەی نەبیت، چارەسەر زۆر سادەیە ئەویش بەوەی كە بۆ خۆت ئامادە نەبیت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆكایەتی ئۆرگانیك كە بزانی پیت رازی نابن.

هەروەها زۆر سەیرە كەسانیك ئیدعای پیداگری لەسەر سوننەت ومیكانیزمی رابەری جەماعیو ئسولی شورایی هەبیت لە ناو ریكخراوە جەماوەریەكاندا، بەلام بە كردەوەش بەم جۆرەی ئیستایان مامەلە لەگەل مەسەلەیەكی بەم جۆرە بكەن. لەبەر ئەوەی تەنها باوەریان ئەوەیە دەبێت "یەككگرتویی هاوعەقیدە" و "هاوخەتی سیاسی" خۆیان بپاریزنو پیادەی بكەن. هەلبەتە پاراستنی یەكگرتوویی هاو عەقیدەو سونەتی شورایی پیكەوە ناگونجێن، هەر بۆیە مەسەلەی سەرەكی ئەوەیە، كە هاوری فەلاح نەك بە ئیدعاو شایەتی بۆ رابەریو بەرجەستەیی خۆی، بەلكو رابەری كریكاری بوونو بەرجەستەیی ئەو، بە تەنگەوە بوونی ئەو بۆ بزووتنەوەی كریكاری لەوەدا دەردەكەوت كە پیش ریبوار ئەحمەد خۆی پیشنیاریكی بدایە بۆ چارەسەری ئەو كیشانەو یەككگرتوو راگرتنی ریزی ریكخراوەكەی، ئەگەر ئەمەشی نەكرد لانی كەم دەبوو بە پیوانەی رابەری بوونو بەرجەستە بوون، یەكەم كەس بوایە پیشوازی لە تەرحی ریبوار ئەحمەد بكردایە. بە هەمان شیوە هاوری موئەیدش لە جیاتی تیوریزەكردنی ئەو واقعیەتەی لە یەكیتی شوراو نەقابە كریكاریەكان هاتوەتە ئاراوە، بە پێی ئیدعاكانی خۆی دەبوو لایەنگری لە تەرحو نامەی ریبوار بكردایە، بەلگەكانی بۆ لایەنگری نەكردن لەو تەرحە، بەلگەی ئەوەیە كە ئەو نەك یەكیتی بزووتنەوەی كریكاریو یەكیتی شوراو نەقابە كریكاریەكانی بۆ گرنگە، بەلكو مەسەلەیەكی تری بۆ ئەولەویەتە.

پرسیاری ئەخیر ئەوەیە كە ئایا لە روانگەی ئەم هاوریانەوە، ریگاچارە چیە؟ ئایا شەركردن لەسەر ناوو شەرعیەتی یەكیتیو شورا كریكاریەكانو سەرۆكی ریكخراوەكەو تەقلیدی چەپی سوننەتیە یان بیركردنەوە لە ریگایەك بۆ تیپەراندنو وەلانانی ئەو وەزعەی كە پیش هاتووە.